# کتێبێك لەبارەی تەمبوور




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(تەمبوور لە موزیکی کوردیدا) کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر ئامێری موزیکی تەمبوور لە کوردستان، لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە. ڕێژەن حەسەن، نووسەری کتێبی (تەمبوور لە موزیکی کوردیدا) لە بارەی کتێبەکەی نووسیویەتی: "ئەوەی لەم کتێبەدا تیشکی خراوەتە سەر، بریتییە لە ناسینی ئامێری تەمبوور لە کوردستان، بەتایبەت پەیوەندیی ئەم ئامێرە موزیکییە بەو ئاینە جیاوازانەی کە لە کوردستان هەن،، لایەنێکی دیکە بریتییە لە باسکردنی بەشەکانی ئامێری تەمبوور لە هەر یەکێک لەو ناوچانەی ئامێرەکەی لێیە و جیاوازییەکانیان و شێوازی بەکارهێنانیان".

سەبارەت بە هۆکاری نووسینی ئەو پەرتووکە، نووسەر دەڵێت: "ئەوەی کە پاڵنەر بوو ئەم کتێبە ئامادە بکەم، کەمیی سەرچاوەیە لەبارەی مێژووی موزیک بە گشتی و ئامێرە موزیکییەکان بەتایبەتی ، نەک تەنیا ئامێری تەمبوور بەڵکو سەرجەم ئامێرە موزیکییەکان جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوەن، هیوادارم ئەم کتێبە دەروازەیەک بێت بۆ ناسینی تەمبوور و ئاشنابوون لەگەڵ مێژووی دێرینی ئەم ئامێرە".

کتێبەکەی ڕێژەن حەسەن، لەلایەن دەزگای چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک چاپکراوە.

# ڕۆمانی (چیرۆکی ماڵی باز) چاپ کرا



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانێکی نووسەری کوردی باکووری کوردستان جیهان ڕۆژ، کە لەژێر ناوی (چیرۆکی ماڵی باز)ـە، لەلایەن چاپخانەی (J&J) چاپ و بڵاوکرایەوە.

ڕۆمانەکە کە لە 149 لاپەڕە پێکدێ، باسی مێژووی شاری بەدلیس دەکات ئەو کاتەی لەژێر فەرمانڕەوایی میرەکانی کورددا بووە. بە ناڕاستەوخۆش باسی ئەڤدال خانی بەدلیس دەکات.

هەڵبەستڤان و ڕۆماننووس و نووسەری کورد جیهان ڕۆژ لە ساڵی 1965 لە گوندیکی ناوچەی گمگومی سەر بە مووش لەدایکبووە. سەرەتای نووسینی بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1993 و لەو ساڵەوە هەڵبەست و چیرۆکەکانی بڵاودەکاتەوە.

یەکەم دیوانی شیعری بەناوی ڕاتیکا لە ساڵی 2003 چاپ و بڵاوکردووەتەوە. وتار و نووسینەکانی لە زۆر ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیدا بڵاوکراونەتەوە.

جیهان ڕۆژ تا ئێستا چەند بەرهەمێکی چاپ کردوون، لەوانە: (مەیمان- چیرۆک.. 2006). (گیتاری بێ تەل- ڕۆمان.. 2009)، (پەردە- ڕۆمان.. 2012). (ڕەش- ڕۆمان.. 2015). (ئاو و بەفر- کۆبەرهەمی شیعری.. 2016) و چەند بەرهەمێکی دیکە.

# ڕۆمانی هاوارەکانی عەفرین بڵاوکرایەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی (هاوارەکانی عەفرین) کە لە نووسینی ڤەژینا کوردە، چاپ و بڵاوکرایەوە.

هەڵبەستڤان و نووسەر و ڕۆماننووسی کورد، ڤەژینا کورد کە دانیشتووی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانە، تازەترین بەرهەمی خۆی بەناوی (هاوارەکانی عەفرین) چاپ و بڵاوکردەوە.

نووسەر لە بەشێکی ڕۆمانەکەیدا دەڵێت: «عەفرینی بریندار کە بە هەزاران چیرۆکی بە ئازاری هەیە، ئەو چیرۆکانەی لە باخەڵی زستانێکی ساردا شاردووەتەوە. بۆ گەلێکی قارەمان کە پەنجەکانی خۆی دەخاتە نێو برینەکانی خۆی، داستانی بەرگری لەسەر تاشەبەردی چیای کورمانج بە قارەمانی نووسیوە».

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەگشتی باس لە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی عەفرین دەکات لەدوای پەلاماردانی لەلایەن سوپای تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە تورکیا پاڵپشتییان دەکات.

ڤەژینا کورد ناوی ڕاستەقینەی زەعفەت حەنانە، ساڵی 1975 لە شاری عەفرین لەدایکبووە. ئەندامی دەزگای فێرکردن و پاراستنی زمانی کورد لە سووریا- لقی عەفرینە و ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی ڕەوشەن بەدرخان بۆ ژنانە لە عەفرین. هەروەها سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕەوشەنە.



# کتێبێکی نوێ لەبارەی میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە ئایندەیەکی نزیکدا، کتێبی (مێتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی) کە بەرهەمێکی نوێی حەمە مەنتکە و لەلایەن کتێبخانەی تەفسیرەوە چاپ کراوە، بڵاو دەکرێتەوە.

کتێبەکە هەوڵێکی تیۆریانەیە بۆ ناساندنی مێتۆدە کۆن و نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەورووپا. حەمە مەنتک لەوبارەیەوە دەڵێ: "ئێمە زۆر کۆڵەوارین لە کەرەسەی تیۆری، هەمیشە کەرەسەی تیۆریمان لەڕێی ئەدەبیاتی دیکەوە پێگەیشتووە، بۆیەش ئەم هەوڵەی من قسەکردنە لە مێتۆدە ڕەخنەییەکانی ئەورووپا. ئەوەیشم ڕوون کردووەتەوە کە ئایا مێتۆد چییە؟ ئێمە بۆ پێویستمان بە مێتۆدە بۆ توێژینەوە؟".

حەمە مەنتک هەر لە درێژەی ئەو باسەدا گوتیشی: "بەشێکی دیکەی کتێبەکەم بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تەرخان کردووە، لەوێدا قسەم لەسەر ئەوە کردووە کە ئەوەی لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا چ لە شیعری کلاسیک و چ لەو نووسینانەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم نووسراون و بە ڕەخنە دانراون، ئایا بە پێوەرە مۆدێرن و ئەکادیمییەکە ڕەخنەن؟ هەموو ئەمانە بە وردی قسەیان لەبارەوە کراوە. هاوکات ئەم کتێبە لە ڕووی تیۆرییەوە پێمان دەڵێت بەپێی هەر مێتۆدێک چۆن لە دەق بڕوانین؟".

ئەمە شەشەمین کتێبی حەمە مەنتکە لە بواری توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیدا و پێشتر پێنج کتێبی دیکەی هەر لەو بوارەدا بڵاوکردووەتەوە.

# (وابی- سابی) و (کین سووگی) لە تیـ

## تێگە و چەمکی وابی– سابی

وابی- سابی، چەمکێکە لە فەلسەفەی مەزهەبی (زین)ی بوودایییەوە وەرگیراوە، بە واتای خۆشویستنی جوانیی ناتەواو، واتا جوانیی ئەو شتانەی کەموکورتییان پێوەدیارە، یان جوانی لە سادەیی وراستگۆیی و پاکیدا، زۆربەی شتگەلی دەوروبەرمان بە کۆنبوون یان بە تێپەڕبوونی رۆژگار جوانتر وجوانتر دەبن.

وابی- سابی واتە هەر هەستێکی تێکەڵ بە خۆشەویستی وهۆگرییە کە وامان لێبکات جوانی و ڕەونەق بگەڕێنینەوە بۆ ئەو شتە کۆنانەی زەمەن تێکیداون، سابی واتە ئەو گۆڕانکاریانەی زەمەن هێناونی بەسەر شتگەل و بوونەوەرەکاندا.

هەندێک پێیانوایە وابی- سابی تەنها بەشێکە لە تەکنیکی شوفوی شیعری کە شاعیری ژاپۆنی ماتسهو باسهو – کە باوکی روحیی هایکوە- بەکاری هێناوە، بەڵام لەڕاستیدا وانییە و وابی- سابی واتا جوانی و ستاتیکا بە دیدێکی ژاپۆنی، کە خۆی لە بێدەنگی و قەناعەت و سۆز بۆ رابردوو دەبینێتەوە، بەهەمانشێوە قایلبوون بە شتگەلە ناتەواوەکان واتە ویژدانی پڕتەواو (کەمال) لە ناتەواودا (Finding perfection in imperfection) دەتوانین لە زۆر شتی ژیانماندا بەکاری بێنین، وەک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دەرخستنی هەستەکان وغەریزەکان، بەتایبەتی خۆشەویستی، ئەوە نییە ئێمە کە یەکێکمان خۆشدەوێ چاوپۆشی لە هەموو کەموکورتییەکی دەکەین و وەک مرۆڤێکی بێ خەوش و کامڵ لێی دەڕوانین، ئەو تێڕوانینە خۆی لەخۆیدا وابی-سابییە.

خۆشەویستی واتە قبوڵکردنی دەوروبەر و چاککردنی خەوشەکانیانە لە زیهن و دیدی خۆماندا، بۆ نموونە ئەو دایکەی کە بێزار و قەڵسە بە هەندێ هەڵسوکەوتی منداڵەکەی، لە کاتی دوورکەوتنەوەی منداڵەکەی یان نەخۆشکەوتنی، ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە بەرچاوی و ئەو هەڵسوکەوتە نابەجێیانە دووبارە بکاتەوە، ئەگەرچی پێشتر پێیان قەڵس دەبوو. یان هەندێ جار بیر لە کەسێکی مردوو دەکەینەوە کە لە ژیانیدا زۆر ئازاری داوین، بەڵام لە دڵی خۆماندا دەڵێین خۆزگە زیندوو بایەتەوە بۆ ئەوەی یەک جاری تر بیبینم، کەچی تا لەژیاندا بوو خەوشەکانی بووبوون بە پەردەیەک و بەر دیدەمانی داخستبوو، نەیدەهێشت جوانییەکانی ببینین. یان کاتێک کچێکت خۆشدەوێ هەموو دنیا باسی خەوشی روخساری یان رەفتاری بکات قسەکە ناچێ بەگوێتدا و باوەڕ ناکەی کە ئەو کەسەی تۆ خۆشتدەوێ، ناشیرینی یان کەموکورتییەکی تێدابێ، تەنها و تەنها جوانییەکانی دەبینی، یان هەندێ کەس لەکاتی قسەکردندا سەری زمان دەگرێ، بەڵام بووەتە شێوەیەکی جوان لە ئاخاوتن و دەربڕینی بێژەکان.

(ئیرڵ فۆرد- Earl Ford)ی نووسەری کتێبی (WABI SABI LOVE) لە پێناسەی وابی- سابیدا دەڵێ: "شێوازێک لە شێوازەکانی هونەری کۆنی ژاپۆنییە کە گرنگی بە شتگەلە کۆن وناتەواو و شکاوەکان دەدا" ئیرڵ نموونەمان بۆ دێنێتەوە کە ئەگەر دەفرێکی گڵێنەییت لەدەست بکەوێ و درزی تێکەوێ، ئەوا مۆزەی ژاپۆنی دەیبا و لەسەر بنکەیەکی بەرز و جوان دایدەنێ و رووناکی دەخاتە سەر شوێنی درزەکە- بەو پێیەی خودی درزەکە جوانییە- بۆ ئەوەی بەجوانی دەرکەوێ، یان بە ئاڵتوونی عەیار 24 درزەکە پڕدەکاتەوە، بەچەشنێک درزەکە نەشارێتەوە.

بە بۆچوونی (لیۆنارد کۆرن – Leonard Koren)یش، وابی- سابی دیارترین خەسڵەتی کلاسیکی ژاپۆنییە کە تایبەتە بە چەمکەکانی جوانی و ستاتیکا، لەڕووی هەڵسەنگاندنی ستاتیکی و بەهاکەیەوە لەسەر کۆمەڵگا تارادەیەک هەمان گرنگی (پانتیۆنی ژاپۆنی- کاریگەریی بیری ستاتیکی) هەیە، هەر وەک چۆن کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کەوتنە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی ستاتیکای ئیغریقییەوە.

بەڵام (ئاندریۆ جونیپێر- Andrew Juniper) پێیوایە هەر رەگەزێک یان گوزارشتێک بتوانێ لەیەک کاتدا هەستی خۆشی و دڵتەنگی وهۆگریی روحیمان پێ ببەخشێ، ئەوا رەگەزێکی وابی- سابییە.

(ریچارد بێڵ- Richard Bell) سەبارەت بە وابی- سابی دەڵێ: "وا گۆشکراوین کە دان بەوەدا بنێین گوایە هەموو شتێکی رەسەن لە واقیعدا هەڵگری سێ راستی سادەن، هیچ شتێک بەردەوام نابێ، هیچ شتێک ناگاتە کۆتایی (کامڵ نابێ)، هیچ شتێکیش بێ خەوش نییە"

نووسەری بوودایی تارو گۆڵدیش لە وەسفکردنیدا دەڵێ: ژیری و جوانیی ناتەواو یان جوانییەکانی خەوشی.


ئەم دوو بێژەی وابی- سابییە بە ئاسانی وەرناگێڕدرێن، وابی لە فەرهەنگە زمانییە ژاپۆنییەکاندا واتایەکی رەوانبێژیی قوڵی هەیە بە واتای خۆگۆشەگیرکردن دێ لەگەڵ سروشتدا، یان دوورکەوتنەوە لە خەڵک، سابیش بە واتاکانی هێمنی و لاوازی و سیسبوون دێت.

لە دەوری سەدەی چوارەمدا واتا و دەلالەتی وابی لە رەشبینی و نەگەتیڤییەوە دەگۆڕدرێ بۆ واتایەکی پۆزەتیڤی وەک سادەیی لادێیی، پرشنگداری وهێمنی و ئاسایش، ئەم سیفەت و دەلالەتانە هەریەک لە مرۆڤ و دەستکردەکانی مرۆڤ و سروشت وەک یەک دەگرێتەوە. هەروەها چەمکی سابیش گۆڕا بۆ واتای جوانی و خاوێنی یان هێمنی، کە لەگەڵ هەڵچوونی تەمەندا دەردەکەون.

دوای تێپەڕبوونی کات واتا تایبەتەکانی وابی- سابی بە چەشنێک گۆڕا کە تەنها ئاماژەیەکی رەمزی یان گوزارشتی نەبێت، بەتایبەت لای چینە خانەدانەکانی کۆمەڵگەی ژاپۆنیی ئەو سەردەمە، تێگەیشتن لە بۆشایی و خەوشەکان یان ناکاملبوون وەک یەکەم هەنگاو بوو بەرەو ڕۆشنگەری یان تێگەیشتنی (ساتوری) . وابی- سابی زۆرجار لە کتێبە هونەرییەکاندا بە حیکمەتی ڕوانین لە سادەیی سرووشت یان جوانییە خەوشاوییەکان دادەنرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بەشە لە ڕێگەی نموونەیەکی باشی ئەم بەرجەستەکردنە، زۆرجار لە ڕێگەی شیوازەکانی گلێنەی ژاپۆنی و بە دیاریکراویش لە ئاهەنگی خواردنەوەی چایی ژاپۆنییەوە (چا خواردنەوەی چاشتەنگا) کە لەوێدا دەفر و قۆری بەکارهاتوو هەیە و هەمووشی درز بردوو و کۆن و شکاون و ژەنگ تێیداون، شێوە و ڕەنگەکانیان سادەن و بەنرخ نین.

بە کورتی فەلسەفەی وابی- سابی راهێنانی قوتابییە لەسەر دۆزینەوەی وروژاندن و جوانی لە سادەترین شتگەلەکاندا هەرچەندە باویش بێت، بەڵام بەردەوام شتێکی تێدا دەدۆزێتەوە کە ڕایبکێشێت.

◄ ملکۆ ئەحمەد



## کین سووگی لە ڕێسا و ئامۆژگارییەکانی بوودابیدا

لە ماوەی چەندین سەدەدا مامۆستاکانی (زین) پەرەیان بە چەمکێک داوە کە دەفر و قۆری و کاسە شکاوەکان نابێت هەروا بە ئاسانی پشتگوێ بخرێن، یان فڕێبدرێن، بەڵکو پێویستە بە بایەخێکی زۆرەوە لێیان بڕوانرێت و سەرلەنوێ چاک بکرێنەوە، بۆ ئەوەی رواڵەتێکی دیکەیان پێ ببەخشرێت، ئەو چەمکەش (کین سووگی) یە. وشەکە لە بنەڕەتدا بۆ نەریتی چاککردنەوەی سیرامیک بەکارهێنراوە و بریتییە لە وشەی (کین) واتە (ئاڵتوون) و (سووگی)یش بەواتای (پێکەوەبەستن)، واتا پێکەوە بەستنی زێڕ.

لە یاساکانی مەزهەبی (زین) دا، پارچەکانی دەفرێکی شکاو کە بێ مەبەست شکێنرابێ، پێویستە بە وریاییەوە کۆبکرێنەوە و

سەرباری ئەوەی کە لە بنەڕەتدا چەمکی وابی- سابی لە فەلسەفە یان تیۆرێکی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە، کەچی ئێستا بووەتە زاراوەیەک بە زۆری لای ژاپۆنییەکان بەکاردێت و تایبەت نییە بە شوێنکەوتووان و پیاوە ئاینییەکان.

# شیعر لە نووسینیـ

◄ ڤینۆس فایەق



## نووسینی شیعر:

ئەو چرکەیەی کە ئیلهام تەنگت پێ هەڵدەچنێت، ئیتر دەبێت بنووسیت، ئەگەر یەک دێڕیش بێت، نابێت بهێڵیت لەدەستت بڕوات، چونکە شیعرنووسین ژیانە بەجۆرێکی تر، مومارەسەکردنێکی شێتانەی ئەو خەیاڵەیە کە واقیع دەرەقەتی نایەت.. کە تەواو دەبیت لە نووسین، وەکوو ئەوە وایە منداڵێک لە هەناوت هاتبێتە دەرەوە، بەڵام منداڵێک لە وشە و خەیاڵ..

بوون بە شاعیر شتێک نییە بە بڕیار بێت، ئەوانەی زۆر لە خۆیان دەکەن شیعر بنووسن، وەکوو گڵۆپی سەرجادەکان وان، هەر زوو سکوت دەکەن، یان منداڵ بەردیان تێدەگرن و دەکوژێنەوە.

کە ناچار دەبیت دەستبدەیتە نزیکترین قەڵەم و پەلاماری سپیترین لاپەڕە دەدەیت و لە پەنایەکدا دادەنیشیت، ئیتر ئەوە دەستوپەنجەکانت نین، هەموو حەواسەکانتن دەکەونە نووسین، خەیاڵتە هەڵدەقوڵێت و دەڕژێتە سەر سپێتی لاپەڕەکە.

## خوێندنەوەی شیعر:

کە تەواودەبیت لە نووسینەوەی خۆت، خەیاڵت، ئیتر حەزدەکەین لەگەڵ ئەوانی تردا بەشی بکەی، ئەوانی دیکەیان لێ ئاگاداربکەی، ئەڵبەتە بڵاوکردنەوە چ وەکوو دەق لە بڵاوکراوەکاندا، چ وەکوو کۆی بەرهەم لە دووتوێی کتێبەکاندا وەکوو ئەوە لەزەتی نییە کە رووبەڕوو بەرانبەر بەویتری گوێگر و ئاشقی شیعر دادەنیشیت یان دەوەستیت و بۆی دەخوێنیتەوە، تۆ ئیتر ئەو چرکەیە پێویستت بە سەدان دەموچاو بە چاو و گوێچکەکانیانەوە نییە لەبەردەمتدا ئامادەبن، تۆ پێویستت بەچەند کەسێکە کە تەواوی حەواسەکانیان ببەخشنە دەنگت و ئەوەی تۆ نووسیوتە و دەتەوێت لەگەڵی بەشبکەیت، لێتی وەرگرێت.. ئەڵبەت مەسەلەی هەڵسەنگاندن دەکەوێتە قۆناغی دوای بیستن.

ئیتر تۆ لەوێیت تەنها بۆ ئەوەی شیعر بخوێنیتەوە و هیچیتر، ئاگات لەوە نابێت چەند کەس ئامادەن، هێند ناسک دەبیتەوە یەک چرکە لەوبەرەوە بۆ لای تۆ هەموو حەواست پەرتەوازە بکات و بهێنێتەوە ناو ئەو چوار دیوارە رەقەی لێی دانیشتووی، یان وەستاویت



# کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا لەسەر شیعر

## "بەدر شاکر سەیاب" بە نموونە



ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، حیزبی شیوعی عێراقی، یەکێک بوو لە حیزبە کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیانی خەڵکیش بەگشتی هەبوو. ئەم حیزبە وەکو هەر حیزبێکی دی، کۆمەڵێک خەون و دنیابینی خستەڕوو کە خەڵکێکی زۆر بە هەموو چین و توێژە جیاوازەکانەوە خۆیان تێدا دەدیتەوە. لەناو ئەوانیشدا نووسەران و ڕۆشنبیران. بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ئەوکات، ئەوانەی مەیلی عەلمانیبوونیان هەبوو، سەریان لە حیزبی شیوعی و بیری چەپ و کۆمۆنیستییەوە دەردەهێنا، یەکێک لەو کەسایەتییە ڕۆشنبیر و دیارانەی عێراق کە سەرەتا بە شێلگیرییەوە بووە شیوعی و کاری بۆ ئەو حیزبە کرد، شاعیری ناوداری عێراقی بەدر شاکر سەیاب بوو، بەڵام دواتر وازی لێ هێنان و لە ڕێگای زنجیرە وتارێکەوە بە ناونیشانی "من شیوعی بووم"، بیرەوەری ئەو ڕۆژانەی دەگێڕێتەوە کە شیوعی بووە و تێیدا ڕەخنەی زۆر توند ئاراستەی ئەو حیزبە و کار و کردەوەکانی دەکات، دواتریش زنجیرە وتارەکە لە ژێر هەمان ناونیشان: "من شیوعی بووم"

*

وەکو کتێبێک و وەکو بیرەوەریی سەیاب لەو ڕۆژانەی شیوعی بووە، بڵاوبووەوە.

هەڵبەت هەر کەسێک کە دەچێتە ناو هەر حیزب و گروپێکەوە، بە بیر و خەیاڵی خۆی بۆ ئەوەیەتی کە خزمەتی خەڵک و نیشتمان و بیری مرۆڤایەتی بکات، بەڵام دواجار چۆن دەشکێتەوە؟! ئەمە قسەیەکی دیکەیە، سەیابیش لە کتێبەکەیدا ئەوە بەیان دەکا کە شیوعیبوونەکەی هەر بۆ خزمەت و خۆشەویستی بووە، "من بۆیە بووم بە شیوعی، چونکە گەلەکەم خۆشدەوێ، دراوسێ و ناسیاوەکانم خۆشدەوێ، وامدەزانی شیوعییەت چاکترین چارەسەرە، تەنانەت بە تاکە چارەسەریشم دەزانی بۆ کێشەکانمان و کێشەی گەلەکەمان، بۆ کێشەی هاوڕێ جووتیارەکەم لە گوندێکی دوورەدەستدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆشنبیران و ملیۆنان خەڵکی شەریف و ناشەریف..ل21".

هەڵبەت ئەوانەی دەبوونە شیوعی، یان ئەو حیزبەیان خۆشدەویست، باوەڕیان وابوو، ئەگەر ئەم حیزبە دەسەڵات بگرێتە دەست، لە زوڵم و زۆرداری ڕزگار دەبن، بەڵام کە ئەو خەون و خەیاڵە لە حیزبەکە نابیننەوە، بەتوندی ڕەخنەی لێ دەگرن و ئەو کەموکوڕییانە دەردەخەن کە لە حیزبەکە بەدییان کردووە.

دیارە بەدر شاکر سەیاب تاکە ڕۆشنبیر نییە ڕەخنەی توند لەو حیزبە دەگرێت، گەلێ کەسایەتی دیکەش لە عێراق ڕەخنەیان لە حزبی شیوعیی عێراقی هەبووە، هەروەها لەناو کوردیش ڕەخنەی توند لە حیزبی شیوعی هەبووە، بۆ نموونە، یەکێک لەو کەسایەتییە دیارانەی زۆر بەتوندی ڕەخنە لە حیزبی شیوعی دەگرێت، هەژاری موکریانی (1921-1991ز) یە ، ئەو دەڵێت: "حیزبی کۆمۆنیست لە هەر وڵاتێکدا – با چوار کەسیش بن- بۆ حوکمداری، خۆیان لە هەموو کۆمەڵێکی تر بەلایقتر دەزانن، بەتایبەتی لە عێراقدا، کە کوردە قەومییەکانیش هەرچی دوو پیت و لەتێکی خوێندبوو، بە فەرهەنگی کۆمۆنیستی فرچک کرابوون و هەر کەس چەپی نەبا، بە خاین حیساب دەکرا...{چێشتی مجێور..ل 254}".

هەژار چەندین نموونەی ورد لەبارەی ئەو کارە خراپانە دەهێنێتەوە کە شیوعییەکان دەیانکرد و ناوی زۆرێک لە کەسایەتییەکانیش بێ پەردە دەهێنێت، بەتایبەتیش ڕەخنەی زۆر لە شیوعییە کوردەکان دەگرێت، تا دەگاتە ئەوەی کە بڵێ: "کۆمۆنیستی ڕاستەقینە دژی میللەتە، بەڵام کە لە

# ـۆری ستاتیکای ژاپۆنیدا



دووبـاره پێکبهێنرێنــەوه و بەیەکــەوه بلکێنرێنــەوه. ئەویش بـه بەکارهێنانـی ماددەیەکـی شـلی تێکەڵکـراو لەگـەڵ گرانتریـن و بەنرخترین جـۆری زێـڕدا.

لــه وردەکارییەکانــی ئــەم پرۆســەیەدا بــه هیـچ شـێوەیەک نابێـت هـەوڵ بدرێـت شـوێنی ئـەو درزانـه بشـاردرێتەوه کـه بـه دەفرەکـەوەن، بەڵکـو لێـرەدا ئامانـج و مەبەسـتی وابـیـ سـابی ئەوەیـه شـوێن وهێڵـی درزەکان بەڕوونـی دیاربـن و بەدەرکـەون، پێچەوانـەی کاری ئـەو مسـگەرانەی لـه نـاو کـورددا هەبـوون و بەچەشـنێک قۆرییـه شووشـەکەیان بـه بەسـتەری مـس و تەنەکـه دەبەسـتەوه کـه درزەکان دەرنەکەوتایـەن، بـەڵام لای زینـەکان شـاردنەوەی ئـەو درزانـه کارێکـی نابەجێیـه و دەرنەخسـتن وشـاردنەوەی جوانیـی راسـتەقینەیە، بەسـتەره ئاڵتوونییـه بەنرخەکانیـش بـه گونجانـدن لەگـەڵ چەنـد پارچەیەکـی پێکەوەنووسـاودا دەبنـه مایـەی سـەرنجدانێکی فەلسـەفی بـۆ بینینـی جوانییەکـی بـێ وێنـه.

(کیـن سـووگی) لـه ئامۆژگارییەکانـی بیـری (زیـن) و تیـۆری (وابـیـ سـابی) هەڵقـوڵاوه، کـه کەرەسـته سـاده و کۆنـەکان بـه پیـرۆز دەزانـن، بـه تایبـەت ئـەو کەرەسـتانەی کـه لەنـاوەوه بۆشـن وهەوایـان پێـدا تێپـەڕ دەبـێ، لـه بنەڕەتیشـدا دەگەڕێتـەوه بـۆ قۆناغـی مێژوویـی (میرۆماتشـی)، لـه بەسـەرهاتێکدا یەکێـک لـه سـەرکرده ژاپۆنییـەکان بـه نـاوی (شـیکاگا یوشـیمتسـو)، کاسـەی چایەکـەی- کـه زۆر بەهـادار بـوو لـەلایـ شـکا، نـاردی بـۆ چیـن بـۆ چاککردنـەوەی، بـەڵام کاتێـک بۆیـان گەڕانـدەوه و بینـی، زۆر حەپەسـا، چونکـه بـه بەکارهێنانـی هەندێـک دەرزیـی ئاسـنین لـه شـێوەی تەقـەڵ پارچـه شـکاوەکانیان پێکـەوه بەسـتبوو. بۆیـه داوای لـه وەسـتاکان کـرد چارەسـەرێکی گونجاوتـری بـۆ بدۆزنـەوه، وەسـتاکان ئـەوەی پێیگەیشـتن ڕێگایـەک نەبـوو بـۆ شـاردنەوەی زیانـی بەرکەوتـووی کاسـەکە، بەڵکـو داهێنانـی شـتێکی هونـەری بـوو لـەو پارچـه شـکاوانه بـه بەکارهێنانـی زێـڕ بـۆ پێکەوەبەسـتنیان.

دەگێڕنـەوه کـه یەکێـک لـه پەیڕەوکارانی (وابـیـ سـابی) بەنـاوی (سـیننۆریکۆ) لـه گەشـتێکیدا لـه باشـووری ژاپـۆن، بانگهێشـت کرابـوو بـۆ خواردنـی نانـی ئێـواره، خانەخوێیەکـه پێیوابـوو (سـیننۆریکۆ) شاگەشـکه دەبێـت بـه بینینـی قۆرییەکـی چـای گرانبەهـا و پـڕ لـه نەخشـی ورد ، کـه لـه چیـن کڕیبـووی، بـەڵام ئـەوەی چاوەڕواننەکـراو بـوو، (سـیننۆریکۆ) بەدرێژایـی کۆبوونەوەکـه هیـچ سـەرنجی قۆرییەکـەی نـەدا و هەمـوو کاتەکـەی بـەوه بەسـەربرد کـه گفتوگـۆ بـکا و بەسەرسـامییەکەوه لـه دارێـک بڕوانـێ کـه بەهـۆی بـا وه دەهـات و دەچـوو. خـاوەن مـاڵ بەبـێ ئومێدییـەوه بەهـۆی بایەخپێنـەدان بـه قۆرییەکـەی، لـه پـاش ڕۆیشـتنی (سـیننۆریکۆ) قۆرییەکـەی شـکاند و بەدڵشـکاوییەوه لـه سـوچێکی ژوورەکـه بەتەنهـا دانیشـت، لـەو کاتانـەدا میوانەکانـی تـر بەوپـەڕی داناییـەوه پارچەکانیـان کۆکـردەوه و بـه ڕێـگای ( کیـن سـووگی) پێکەوەیـان نووسـاند.

کاتێکیـش (سـیننۆریکۆ) بـۆ جـاری دووەم بـه سـەردانیکردن هاتـەوه، فەیلەسـووفەکه سـەرنجی دا قۆرییەکه چاککراوەتـەوه، بـه خەندەیەکـی داناییانەوه گوتـی : "ئێسـتا گـەوره و مـەزن دەردەکەوێـت".

وابـیـ سـابی تێڕوانینێکـی فەلسـەفی و قوڵـه لـه دەوروبـەر و دەرخسـتنی جوانییەکانـه لەنـاو نابووتییەکانـدا، ئـەم جـۆره تێڕوانینـه تایبەتمەندیـی زۆری هەیـه، وەک: ڕێکنەکەوتـنـ جیـاوازیـ سـادەییـ دەسـتگرتنەوەـ خاکیبـوونـ قبوڵکردنـی بەرامبـەرـ هاوسـۆزیـ نرخاندنـی سـووڕی ژیانـی هـەر ڕەگەزێـک لـه ڕەگەزەکانـی سروشـت و پرۆسـەی پەیدابـوون و لەناوچوونیشـی.

لـه سـەردەمێکدا کـه نـەوەی نـوێ دنیـای مۆدێـرن دەنرخێنـن و هیـچ گرنگییـەک بـه شـتگەله کۆنەکانـی پێـش پەیدابوونـی خۆیـان نـادەن، هونـەری (کیـن سـووگی) ڕێگایەکـی ژیرانەیـه بـۆ گۆڕینـی ژیـان و پەیوەندییـه کۆمەڵایەتییـەکان بـەرەو بەهێـزی و جوانـی، ئـەوەش بـه بایەخـدان و خۆشویسـتنی پارچـه ڕووخاوەکانـی ژیانمـان وەک ئامانجـەکان، خەونـه بەدینەهاتـووەکان، پێویسـته تەکنیکـی (کیـن سـووگی) لـه هەنگاوەکانمانـدا بەکاربهێنیـن بـۆ ئـەوەی ببێتـه فاکتەرێـک بـۆ ڕێزگرتـن لـه پێکهێنانـی پـڕ لـه چاکـه و لاوازی و ناکاملبـوون.

## پەراوێزەکان

بڕوانـه: Wabi sabi: The Japanese Art of Impermanence, Andrew Jupiner: 7

بڕوانـه: General Remarks on Japanese Art Culture". Zen and Japanese Culture. New York: MJF Books. pp. 19—38. ISBN 1-56731-124-5.

## بڕوانه هەمان سەرچاوه

بڕوانـه- Wabi sabi: The Japanese Art of Impermanence, Andrew Jupiner: 7

Tierney, Lennox (1999), Wabi Sabi, Layton, Utah: Gibbs Smith, Publisher. ISBN 0-87905-849-8

بڕوانـه: Suzuki, Daisetz T. (1959). "Chapter 2: General Remarks on Japanese Art Culture". Zen and Japanese Culture. New York: MJF Books:19-38

بڕوانه: حسن رفيقي، الوابي سابي

بڕوانه: هەمان سەرچاوه

سـاتوری زاراوەیەکـی بودایيـه ئاماژەیـه بـۆ ڕابـوون

بڕوانـه: Tierney, Lennox (1999), Wabi Sabi, Layton, Utah: Gibbs Smith, Publisher. ISBN 0-87905-849-8

# ـەوە هەتا خوێندنەوەی

بـۆ خوێندنـەوەی شـیعرەکان.

ئیتـر شیعرخوێندنەوه سەماکردن نییـه، ئەویتـر گوێـت بداتـێ یـان نـا تـۆ دەبێـت بـەردەوام بیـت لـه سـەماکردن، لـه کۆتاییشـدا چەپڵەبارانـت بکـەن.. تەقس و کەشوهەوای شیعرخوێندنەوه بۆ ئەوانیتـر تەنهـا بـه تـۆی شـاعیر دروسـت نابێـت. ئەگـەر گوێگـر حەواسـی هەڵینەگرتبێـت هەتـا دەگاتـه شـوێنی شـیعرخوێندنەوه، مومکیـن نیـده بتوانێـت گوێگرێکـی شـیاو بێـت بـۆ شـیعرەکانی تـۆ.. ئاخـر گوێگرتـن لـه شـیعر و ئیحساسـکردن بـه وشـه بـه دەنگـی شـاعیر خـۆی هونـەر و کولتـووره، دەبێـت هەبێـت.

ئیتـر کـه شـیعر دەخوێنیتـەوه، ئـەوه زمانـت نییـه کـه دەنگـی لێـوه دێـت، ئـەوه خەیاڵتـه لـه هەناوتـەوه دێـڕەکان دەڵێتـەوه. ئـەو دەمـەی تـۆ شـیعر دەخوێنیتـەوه و ئەویتـر گوێـت لێدەگرێـت، جۆرێـک لـه هارمۆنـی شـیعری دروسـتدەبێت، هێنـد ناسـکه، کەمتریـن جووڵـه و بچوکتریـن ورتـه دەیڕوخێنێـت، بۆیـه دەبێـت گوێگـر لـەو ئاسـتەدا بێـت ببێتـه بەشـێک لـەو فـەزا شـیعریه و ئـەوەی تـۆ لەگەڵـی بەشـی دەکەیـت، بـه ڕۆحێکـی ناسـک لێتـی وەرگرێـت، ئاخـر بـاوەڕم وانییـه ئـەم فەزایـه لـەو کۆڕانـەدا دروسـتبێت کـه بـه قەرەباڵختریـن کـۆڕ پێناسـەی دەکـەن، هـەروەک بـاوەڕ ناکـەم زۆر بـن ئەوانـەی لـەم جـۆره لـه هارمۆنی شیعری نـاو هۆڵـی شـیعرخوێندنەوه و فـەزا سـیحراویەی شـیعر تێبگـەن، بەتایبـەت ئەوانـەی سـەرکەوتوویی کـۆڕی شـیعری بـه زۆر و بۆریـی ئامادەبـووان هەڵدەسـەنگێنن.

تـۆ کـه شـیعر دەخوێنیتـەوه، هەمـوو حەواسـەکانتی خسـتووەته کار، لەبەرانبـەردا هێنـد ناسـکبوویتەوه کـه ئـاگات لـه دەوروبـەرت نەمـاوه، لـه نـاکاو کـه لـه پشـتەوەی هۆڵەکـه دەنگێـک دێـت، ئیتـر تـۆ لـەو کەشـوهەوایه دەردەچیـت، تەرکیـز لەدەسـتدەدیت، تـەواوی حەواسـەکانت تووشـی سەرلێشـێوان دەبـن، بالانسـت نامێنێـت، ریتمـی شیعرخوێندنەوەت پەکی دەکەوێـت.. ئیتـر ئـەوه کاری تـۆ نییـه بـەو گوێگـره ناگوێگرانـه بڵێیـت: "بێزەحمـەت بێدەنـگ بـن بـا مـن شـیعر بخوێنمـەوه." بەڵکـوو تـۆ کـه ئەوەت بەسـەرهات، هیچـت بـۆ نامێنێتـەوه جگـه لـەوەی هۆڵەکـه بەجێبهێڵیـت.

ئیـدی چەنـد پرسـیاری شـیعر گرنگـه، وەک ئـەوەی شـاعیرێکی باشـیت یـان نـا، پرسـیاری گوێگـری شـیعریش گرنگـه کـه ئایـا گوێگرێکـی باشـی شـیعریت یـان نـا؟ لـه وڵاتـی ئێمـه ئێسـتا لەهەمـوو کوچـه و کۆڵانێکـدا شـاعیرێک هەیـه، بـەدەر لـەوەی باشـه یـان نـا.. بـەڵام بەداخـەوه هێشـتا گوێگرتـن لـه شـیعر نەبووەتـه هونـەر و کولتـوور، نەبووەتـه ئـارەزوو. خەڵکانێـک هـەن نازانـن ئایـا حەزیـان لـه شیعره گوێی لێگرن یان پێویستیان بەوەیـه کاتێکیـان هەیـه هەرچۆنێـک بێـت پـڕی بکەنـەوه، تەنانـەت ئەوانـەی کـه حەزیـان لـه گوێگرتنـه لـه شـیعر هێشـتا نازانـن کـه ئامادەبوونیـان لـه هۆڵێکـی شـیعرخوێندنەوەدا مانـای ئـەوەی قفـڵ لـه هەمـوو بابەتەکانـی تـر بدەیـت و حەواسـت بدەیتـه گوێچکـەت و شـیعر ببیسـتی.

ئامادەبـوون لـه کۆڕەکانـدا بووەتـه شـێوەیەک لـه موجامەلەکـردن، وابیردەکاتـەوه ئەگـەر نەچێـت شـاعیرەکه گلەیـی لێدەکات. هەڵبەتـه ڕەنگه شـاعیر هەبـن کە لـه دەرەوەی ئیحساسـیان شـیعر دەنووسـن و لـه دەرەوەی ئیحساسیشـیان بـۆ خەڵکـی دەخوێننـەوه، ئیتـر دەتوانـن لەنـاو هۆڵەکـەدا ببینـن کـێ هاتـووه و کـێ نەهاتـووه، هـەروەک بەلایـەوه ئاساییه ئەگـەر کۆمەڵێـک خەڵکیـش لـه ڕیـزی دواوەی هۆڵەکـه خەریکـی خـواردن و خواردنـەوه و قسـەکردن و دەنگـەدەگ بـن.. ئیتـر گرنـگ ئەوەیـه کۆڕەکـەی زۆرتریـن خەڵـک ئامـادەی بـووه، هـەروەک ئـەو شـاعیرانەی لەبیـری ئـەوەدان دیوانەکانیـان پڕفرۆشـترین بێـت، بەبـێ ئـەوەی بیـر لـەوه بکەنـەوه کـه هەمیشـه خوێنـەره راسـتەقینەکانی شـیعر ئەوانـەن لـه چـاوەوه دیارنیـن و کتێبخانـه زەبەلاحـەکان لـه ماڵەکانیانـدا نییـه، بگـره خوێنـەره راسـتەقینەکانی شـیعر زۆربەیـان بـه سـووڕ لەدەسـتی ئەوانیتـرەوه کتێبەکانیـان دەسـتدەکەوێت.



سەنگەر زراری



ڕووسـیا زمـان و عاداتـی گەلانـی جۆربەجـۆر پارێـزراوه و زۆربەیـان بـه ڕواڵـەت جمهـووری و خودموختـاری تایبەتـی خۆیـان هەیـه، کۆمۆنیسـتی عێـراق بـاوەڕی بـەوەش نەبوو...{چێشـتی مجێـور.. ل254}".

لـەم بابەتـەدا مـن نامـەوێ باسـی کار و کردەوەکانـی حیزبـی شـیوعی یـان هـەر کەسـێکی دیاریکـراو بکـەم، تەنانـەت بەتـەواوی خـۆم لـه هەڵوێسـته سیاسـییەکان بـەدوور دەگـرم و لایەنگـری هیچیـەک لـەو بۆچوونانـەش نیـم کـه بـه بـاش یـان خـراپ باسـی حیزبەکـه دەکـەن. مـن ئەمـه وەکـو هەڵوێسـتی خـودی کەسـەکان وەردەگـرم و پەیوەندیـم بـەو لایەنـه سیاسـییەوه نییـه، ئـەوەی دەمـەوێ باسـی بکـەم، ئـەو کاریگەرییـه زەقـەی ئایدۆلۆژیایـه کـه لەسـەر دەق و بەتایبەتیـش لەسـەر شـیعر هەیەتـی و گەمـارۆی دەدات و وای لـێ دەکات بەتـەواوی لـه شـیعریبوون دوورکەوێتـەوه، بـۆ ئەمـەش بـەدر شـاکر سـەیاب وەکـو نموونەیەکـی دیـاری ئـەم بابەتـه وەردەگـرم و پشـت بـه دانپێدانانەکانـی خـودی خـۆی دەبەسـتم لـه بیرەوەریـی سـەردەمی شـیوعیبوونیدا.

بـەدر شـاکر سـەیاب، تـا ئێسـتاش و دوای تێپەڕینـی زیاتـر لـه نیـو سـەده بەسـەر کۆچکردنیـدا، لـه تازەکردنـەوەی شـیعری عەرەبیـدا بـه شـاعیرێکی پێشـەنگ و لووتکـه دادەنـرێ و بـه دامەزرێنـەری ڕاسـتەقینەی شـیعری نوێـی عەرەبـی دادەنـرێ، ڕەخنەگرانـی عـەرەب پێیانوایـه، سـەیاب ئـەو شـاعیرەیه کـه ئیزافـەی زۆری خسـتووەته سـەر شـیعری عەرەبـی.

بـەڵام لـه خوێندنـەوەی دانپێدانانەکانـی سـەیابدا، ئەوەمـان بـۆ دەردەکـەوێ کـه سـەرەتا چەنـده کاریگـەر بـووه بـه بیروبـاوەڕ و ئایدیۆلۆژیـای حیزبەکـەی و چـۆن وازی لـه هەسـت و نەسـتی شـاعیرانەی خـۆی هێنـاوه و لـه ڕوانگەیەکـی ئایدیۆلۆژییـەوه بڕیـاری لەسـەر شـیعر و شـاعیران داوه، "مـن شـیعری زۆر لـه شـاعیرانی شـیوعیم خوێندووەتـەوه، لەوانـه: نـازم حیکمـەت و نیـرۆدا و ڕاگـۆن و ماوتسـی تۆنـگ و شـاعیری سـۆڤیەتی سـیمۆنۆف، بینیـم زۆر بـێ مانایـه، سـەرەڕای ئـەوەی کـه زۆربەیـان شـایەنی ئـەوه نیـن پێیـان بگوترێـت شـیعر، کەچـی وەک ئەندامێکـی حیـزب، پابەندبـووم بـه بەرگریکـردن لـەو شـاعیرانه و بانگەشـەکردن بۆیـان، کـه گوایـه مەزنتریـن شـاعیرانی دونیـان... ل133".

لێـرەدا دەبـێ ئـەوه بزانیـن کـه مـەرج نییـه ئـەو شـاعیرەی شـیوعییه و ماوەیـەک سـەیاب پێـی بـاش بـووه و ئێسـتا پێـی خراپـه، بەڕاسـتی خراپـن، بـۆ نموونـه شـاعیرانی وەکـو نـازم حیکمـەت و پابلـۆ نیـرۆدا و... تـا ئێسـتاش لای زۆرێـک بـه شـاعیری بـاش دەژمێردریـن، بـەڵام ئـەوەی جێـی سـەرنجه، ئەوەیـه کـه ئێمـه لـەو قسـانەی سـەیابدا ئـەوه هەڵدەهێنجیـن، ئـەو بەهـۆی هەسـتی شاعیرێتییەوه بڕیـاری لەسـەر باشـی و خراپیـی شـیعر و شـاعیران نـەداوه، بەڵکـو بەهـۆی پابەندبوونـی بـه بـاوەڕ و ئایدیۆلۆژیاکەیـەوه بڕیـاری لەسـەر داون و بـاش و خراپـی لەسـەر ئـەو بنەمایـه جیاکردووەتـەوه.

بێگومـان ئایدیۆلۆژیـا کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر هەمـوو مرۆڤێـک هەیـه و ئەگـەر مـرۆڤ کوێرانـه پابەنـد بـوو بـه بیروباوەڕەکـەی، جگـه لـه خـۆی و ئـەو کەسـانەی سـەر بـه هەمـان ئایدیۆلۆژیـان، کەسـی پـێ ڕاسـت نابێـت، بەهەمان شـێوه نووسـەرانیش کاتێـک بەتونـدی پابەنـدی باوەڕەکانیـان دەبـن، ئـەم پابەندییـه کار دەکاته سـەر دەقەکانیـان، بـۆ نموونـه ڕێکناکـەوێ شـاعیرێکی سـەلەفی، شـیعرێکی مۆدێـرن و تازەگـەر بنووسـێت، یـان شـاعیرێکی کۆمۆنیسـت نابینـی کار لەسـەر جۆرێـک دەق بـکات کـه لەگـەڵ ئایدیۆلۆژیاکـەی ئـەو نەگونجـێ. بەمجـۆره ئایدیۆلۆژیـا کار لـه نـاوەڕۆک و پەیامـی شـیعر دەکات و وا لـه شـاعیر دەکات کـه جێڕەزامەنـدی هەمـوو لایـەک نەبێـت و تەنیـا ئەوانـه پێـی ڕازی بـن کـه لایەنگـری ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەن، لـەم حاڵەتەشـدا دەق کرچـوکاڵ دەردەچێـت.

لـه ئەزموونـه سـەرەتاییەکانی شـیعری سـەیابدا، بەتایبەتیـش هـەردوو کۆمەڵـه شـیعری (ازهـار ژابلـه1947-) و (اساگیرـ 1950) کـه زیاتر ڕەهەنـدی ڕۆمانسـی و هەسـتی ڕۆمانسـییان تێـدا بـەدی دەکرێـت، جۆرێـک لـه لاوازی و کەمئەزموونییـان پێـوه دیـاره، دەشـێ یەکێکیـش لـەو خاڵانـەی کاریگەریـی خراپیـان لەسـەر ئـەم قۆناغـەی سـەیاب هەبووبـێ، ئایدیۆلۆژیا بـێ، بـەڵام دواتـر و دوای دیوانه شـیعره گرنـگ و ناودارەکـەی (انشـوده المگـر: 1960-1951) وەکـو ڕەخنەگـران دەڵێـن، هەسـت بـه بازدانێکـی گـەوره لـه شـیعر و دنیابینییەکانـی سـەیاب دەکرێـت، نـەک تەنیـا لەلایەنـی هونـەری، بەڵکـو لـه تێڕوانینەکانیشـی بـۆ ئـەو پرسـانەی کـه ئـەو گرنگیـی پێـدەدان ، بەتایبەتیـش ئـەو پرسـانەی پەیوەسـتن بـه نەتـەوەی عـەرەب، ئەمـەش هەمـان ئـەو قۆناغەیـه کـه واز لـه حیزبـی شـیوعی دێنـێ و کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیـای بەسـەرەوه نامێنـێ.

سـەیاب خۆشـی ئـەوه دەردەخـات کـه شـیعرەکانی سـەرەتای خـراپ بـوون و هـی ئـەوه نەبـوون بـه بـاش بزانرێـن، "مـن قەسـیدەی سـوورم دەنووسـی و بـۆ بەغـدا بـۆ هاوڕێیانـی گـەورەم پۆسـت دەکـرد (...) ئـەو قەسـیده بێمانایانـەی مـن ئێسـتا گلەیـی لـه خـۆم دەکـەم کـه نووسـیومن، کەچـی سەرسـامییەکی زۆر و چەپڵەڕێزانـی بـۆ دەکـرا...ل53". دانیـش بـەوەدا دەنـێ کـه چـۆن ئـەوەی کاریگـەری لەسـەر هەبـووه ئایدیۆلۆژیـا و حیزبیبوونەکـەی بـووه: "مـن وەک شـاعیرێکی شـیوعی، ئـەو ڕووداوه بێماناتانـەی بەهـۆی مانگرتنـی کرێکارانـەوه ڕوویانـدەدا، هەسـتی شـاعیرێتی شـیوعیەتیمی دەبزوانـد و چەنـد قەسـیدەیەکی درێـژم لەسـەر دەنووسـین...ل53".

یـان کاتێـک خـۆی هەندێـک دەقـی پـێ جـوان بـووه و وەریگێـڕاون، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی ئـەو شـیعرانەی وەریگێـڕاون هـی شـاعیرانی شـیوعی نەبـوون، بەرپـرس و لایەنگرانـی حیزبەکـەی لەسـەر ئـەوه سـەرکۆنەیان کـردووه، وەکـو خـۆی دەڵـێ: "تەنهـا لەبـەر ئـەوه هەڵمبـژاردوون، چونکـه قەسـیدەی باشـن، بـه چاوپۆشـی لـەوەی ناسـنامەی نووسـەرەکانیان چییـه...ل30". بـەم هۆیەشـەوه ئـەوان پشـتیان تێکـردووه و بەرگرییـان لـێ نەکـردووه "پـاش ماوەیـەک کتێبێکـم بڵاوبـووەوه کـه چەنـد قەسـیدەیەکی هەڵبژێـردراو بـوو، لـه ئینگلیزییـەوه وەرمگێڕابـوو، هـی چەندین شـاعیر بوو لـه نەتـەوەی جیـاواز و بیروبـاوەڕی جیـاواز، لەوانـه هەندێکیـان شـیوعی بـوون، وەک نـازم حیکمـەت و پابلـۆ نیـرۆدا و خەڵکانـی دیکـه، هەبـوو ڕاسـتڕەو بـوو وەک ت. س. ئیلیـۆت، هەبـوو سۆسیالیسـت بـوو وەک سـتیڤن سـپیندەر، سـەرەڕای ئـەوەی پۆلیسـی نـووری سـەعید منـی دەسـتگیر کـرد، کەچـی شـیوعییەکان هـەر ڕازی نەبـوون، لـەوه تـووڕە بـوون کـه مـن شـیعری غەیـره شـیوعییەکانم وەرگێـڕاوه...ل29".

دواتـر سـەیاب کـه واز لـه شـیوعی دێنـێ، دان بـەوەدا دەنـێ کـه چـۆن ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی وای کـردووه، گەلێـک شـاعیری خـراپ گـەوره بکرێـن و بەپێچەوانەشـەوه: "کاتێـک یەکێـک بـەراورد لـه نێـوان ئـەو شـیعرانه دەکات کـه لەلایـەن شـاعیرانی گـەورەی غەیـره شـیوعی نووسـراون، لەگـەڵ ئـەو شـیعرانەی لەلایـەن هاوڕێیانـی شـیوعییەوه نووسـراون، سـەری لـەو هەسـته سـووڕ دەمێنـێ کـه ئـەو خەڵکـه بـۆی دابەزیـون و مافـی ئەوەشـیان نییـه نـاوی شـاعیر لەخۆیـان بنێـن...ل53".

باسـی ئـەوەش دەکات کـه چـۆن بەهـۆی بیروبـاوەڕەوه، حوکمـی ڕەهـا لەسـەر شـاعیران دەدرێ: "ئێسـتا مەزنتریـن شـاعیری هاوچـەرخ، بـێ هیـچ ڕکابەرێـک ت. س. ئیلیۆتـه، بـەڵام بـه بۆچوونـی شـیوعییەکان، ئـەو شـاعیرێکی کۆنەپەرسـته و گوزارشـت لـه ئومێـده سیسـەکانی چینـی سـەرمایەدار دەکات، ئـەو گوزارشـت لـه ئاییـن و فەلسـەفەی ئایدیاڵیـزم دەکات، کەواتـه ئـەو بۆچوونەکانـی کۆنەپەرسـتانه و هەڵـەن، شیعرەکانیشـی هەڵـەن لەنـاو هەڵـەدا، کەواتـه ئـەو شـاعیرێکی چـاک نییـه، نەخێـر بەڵکـو هـەر شـاعیر نییـه...ل163". تـا دەگاتـه ئـەوەی لـه شـوێنێکدا زۆر بـه توندی دژی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی شـیوعیەت بوەسـتێتەوه و بڵێـت: "شـیوعیەت و شـیعر دژ بەیەکتـرن، بـه هیـچ بارێـک ناتوانـرێ کۆبکرێنـەوه ...ل 158".

نابـێ ئـەوه لەبیـر بکەیـن کـه ڕێـی تێدەچـێ نووسـەر و ڕۆشـنبیرانیش حیزبـی بـن و سـەر بـه ئایدیۆلۆژیایەکـی دیاریکـراو بـن، ئەمـه ئاسـاییه و هیـچ نەنگییەکـی تێـدا نییـه، ئـەوەی کێشـەیه ئەوەیـه کـه نووسـەر لـه دەقەکانیشـیدا خـۆی بخاتـه نـاو قاڵبـی ئایدیۆلۆژیاکـەی و خـۆی ئـازادی نووسـینەکانی خـۆی چوارچێـوەدار بـکات.

بـەدر شـاکر سـەیاب (1964-1926ز)، لـه شـاری بەسـڕەی باشـووری عێـراق لەدایکبـووه، بەهـۆی نەخۆشـییەوه لـه نەخۆشـخانەیەکی کوەیـت کۆچـی دوایـی کـردووه، شـاعیرێکی دیـاری سـەدەی بیسـتەمی جیهانـی عەرەبییـه. بـه یەکێـک لـه دامەزرێنـەران و پێشـەنگانی شـیعری ئـازاد لـه ئەدەبیاتـی عەرەبـی دادەنـرێ.

* مـن شـیوعی بـووم: کتێبـی ڕەشـی شـیوعیەتـ نووسـینی: بـەدر شـاکر سـەیاب، لـه عەرەبییـەوه: فەیسـەڵ خەلیـل، لـه بڵاوکراوەکانـی ماڵـی وەفایـی، چاپـی یەکـەم (2018).

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

**1- چێشـتی مجێـورـ هـەژار، چاپـی ئەوڵـی ئانـا (1392).**

**2- بدر شاكر السياب: شاعر عصر التجديد الشعري- تأليف: ماجد صالح السامرائي، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى (2012)..**

**3- عـن: اثـر الإيديولوجيـا فـي الشعرـ قاصد الكحلانـي، الـراي بـرس، (2014/12/19).**

# لەیلاکەم؛ سۆزی عیرفانیانەی ساز



بۆتان لەتیف عەبدولقادر



ئازاری تامەزرۆیی لەدەنگی سازەوە دەبیستم
پەنهانیەکەم دوور نییە لە ئاهم
ئاهێک؛ لە گوێی گوڵێ بلەرێتەوە
ئاهێک؛ زەنگوڵی گوارەکانت بێ..

نیوە شەوە..
ڕووچووی سۆزی عیرفانیانەی دەنگی سازم
لەیلاکەم..
مەحوی دەڵی:
بەلەیلاوە وەرە بەرقاپی ئەم لەیلایە ئەی مەجنون!
شاهێکە سەد سەری فەرهاد و شیرینی لەبەر پێ کەوت

هاتووم..
چ مەجنوونێ!؟..
چ لەیلایێ!؟..
چ سازێ!؟..
ژێیەکانی داوی پرچتە!..
بەژنت تەژی لە نووری عەشق
چاوەکانت لە نیگادا چیرۆکی من دەنووسنەوە..
ئەزانی چی؟...
هەتا ئەگەر دووریش بی لێم؛
لەدەلاقەی دڵمەوە چاو ئەبڕمە ڕێ...
هەتا ڕێت بۆ لای من تەواو دەبێ و
هەر دێیت و نزیک دەبیەوە و
ئەبی بەڕێی ژینم..
وەکو باران ئەرژێیە سەر دڵم و
ئەبین بە دانیشتنێکی سەوزی سنۆبەریی تاهەتایی..
وەکو ڕوحی "ڕۆمی" لەعانی ماڵ نووستناندا؛
چیرۆکی عەشقمان بۆ خودا دەگێڕینەوە..
زووکە وەرە ڕێژە گیان..
ئەو گوڵە سوورە چراییە دانێ سەر دەلاقەی دڵم..
با ڕۆشن بێ عەشقی خوداییمان..

# دواهەمین یادگاری خۆکوژێک

عومەر کەریم بەرزنجی



خۆشبەختەکان ئەوانە نین کە زۆربەی کات پێدەکەنن، وەک چۆن بەدبەختەکانیش ئەو کەسانە نین کە زۆربەی کات دەگرین و بارانی فرمێسک کێڵگەی نیگەرانییان ئاو دەدات. ڕەنگە ئەو پێکەنینە ساختانە ببنە هەوێنی خۆکوشتنێکی لەناکاو، یان ڕەنگە بارانی ئەو فرمێسکانە گوڵی ژاکاوی ئومێدێکی نەفرەتلێکراو ببوژێننەوە و تەمی خەمی نائومێدی برەوێننەوە، دەشێ ئەو چاوانەی لەدوای گریانێکی بەکوڵ، سوور دەبنەوە و دەبنە گۆمێکی خوێن، لە سەرابی ژیانا لە پشت کێوی نائومێدییەوە لە چاوەڕوانی تروسکەی رووناکیەکدابن، لەناکاو هەڵبێت و تاریکی و شەوەزەنگی نائومێدی برەوێنێتەوە.

ئەمە بەشێکی ئەو نامەیە بوو کە ئاوات نووسیبووی و لە دوای خۆخنکاندنی لە گیرفانیدا دۆزیبیانەوە و بەرواری دوو ڕۆژ لەوەبەری لەسەربوو، دوو ڕۆژ بەر لە خۆکوشتنی، کوڕێک کە هەمیشە بە قسە خۆشەکانی دڵی هاوڕێکانی شاد دەکرد، بە زەردەخەنەیەکی هەمیشەییەوە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری دەدوا، سەرۆک کە هاوڕێیەکی هەمیشەیی ئاوات بوو، هاوڕێیەتیانی دەگەڕاندەوە بۆ تافی منداڵی، چونکە لە یەک گەڕەک لەدایک ببوون و تەنها دیوارێکیان بەین بوو. ئاوات شاسواری خەونی زۆرێک لە کچانی گەڕەک بوو، ئەو بە زەردەخەنە تەلیسماویەکەی نەک هەر کچان، هەموانی فریو دابوو، هیچ کەسێک لە سووتانی ناخی بەئاگا نەبوو، دەبێت چ نەفرەتیەک بووبێتە هۆی خۆکوشتنی، دەبێت چ دڵشکانێک بەرەو ئەشکەوتی تاریکی نائومێدی بردبێت و ڕێگای گەڕانەوەی ون کردبێت، هەندێک جار مرۆڤ لەناخی خۆیدا ون دەبێت و خۆی ناناسێت، هەندێک جاریش لە جیهانی دەرەوەدا ون دەبێت، جاری واهەیە خۆی دەدۆزێتەوە، جاری وایش هەیە هەمیشە بەدوای خودی ونبوویدا دەگەڕێت و خۆی بۆ نادۆزرێتەوە، دەشێ هەندێک جار تەنها مرۆڤەکان خۆیان پەی بە ونبوونی خۆیان ببەن، زۆر جاریش کەسانی دەوروبەر پەی بەو ونبوونە دەبەن.

لە نامەیەکدا یەکێک لەو کچانەی کە شەیدای بووبوو، بۆی نووسیبوو: شێتە گیان کە ون دەبم لە ئاوێنەی ڕوخساری تۆدا خۆم دەدۆزمەوە.

یەکێکی تریان بۆی نووسیبوو: زەردەخەنەکانت زوقمی نەفرەت و بێکەسیم دەتوێننەوە.

یەکێکی تریان بۆی نووسیبوو: تۆ هەموو کەسی منیت، تۆ نەبیت خۆری من بۆ هەمیشەیی ئاوا دەبێت.

یەکێکی تریان بۆی نووسیبوو: تۆ هەناسەی منیت، تۆ نەبیت منیش ناژیم.

کازیوە کە لە هەموویان منداڵتر بوو، بۆی نووسیبوو: تۆ شاسواری خەونەکانمی، هەموو شەوێک خەونت پێوە دەبینم لەسەر ئەسپێکی باڵدار بەرەو جیهانی خەونە جوانەکان دەڕۆین، وەلێ لە کۆتاییدا دەگەینە لووتکەی کێوێکی جوان و ڕەنگاڵەیی کە لەوێدا هەموو کاتێک لە وەرزی بەهاردان، وەلێ لەناکاو ئەسپەکە دەگلێت و من بەتەنها لەسەر لووتکەی کێوەکە بەجێ دەمێنم، تۆ و ئەسپەکە بەرەو چاڵاییەکی تاریک گلۆر دەبنەوە، منیش ڕێگای گەڕانەوە نادۆزمەوە، بەڵام لە جیهانێکی هەمیشە بەهاردا دەمێنمەوە.

جگە لەوەی زەردەخەنە فریودەرەکەی تەواوی کەسانی دەوروبەری فریو دابوو، جادوویەک لەناو چاوە شینەکانیدا هەبوو کە بە سەیرکردنێک کاریگەری لەسەری دروست دەکرد، کچەکەی ئامەی مامان، واتە کازیوە، لە هەموو کچەکان زیاتر ئاڵوودەی چاوە شین و زەردەخەنە تەلیسماویەکانی بووبوو، خەڵکی گەڕەک چەند جارێک ئاوات و کازیوەیان لەسەربانی ماڵی ئامەی مامان بینیبوو کە ئاوێزانی یەکتر بووبوون و لە باوەشی یەکتردا ئاڵۆشی حەزێکی سەرشێتانەیان دادەمرکانەوە. کاتێک ئاوات خۆی کوشت، خەڵکی گەڕەک ئەو خۆکوشتنەیان دەگەڕاندەوە بۆ گیرابوونی نزاکانی ئامەی مامان کە هەمیشە دەپاڕایەوە و دەیگوت: "یاخوا ئاوات، ئاواتی ژێر گڵ بیت و بە دەستەکانی خۆت کۆتایی بە خۆت و خەونە گڵاوەکانت بهێنیت. یاخوا جوانەمەرگ بیت و خێر نەیەتە ڕێت". دوعاو نزاکانی ئامەی مامان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئابڕوو تکانەی کازیوەی کچی لەلایەن ئاواتەوە، خەڵک پێیانوابوو ئاواتێک کە خەون و خولیا و ئاواتێکی زۆری بە ژیان هەموو، ئەگەر نزاکانی ئامەی مامان نەبووایە، سەدانساڵیش بژیایە بیری لە خۆکوشتن نەدەکردەوە. ئاواتێک کە هیچ کاتێک دڵشکانی بەخۆیەوە نەدیبوو بەتایبەتی لەلایەن کچانەوە، هیچ کاتێک بەبیری هیچ کچێکدا نەدەهات ئاوات پەتێک بکاتە گەردنی خۆی و کۆتایی بە خەونی ئەرخەوانیی ئەو کچانە بهێنێت کە بوون و ژیانی خۆیان بە بوون و مانەوەی ئاواتەوە بەستبووەوە.

دوای خۆکوشتنی ئاوات، هاوڕێکانی پێیانوابوو کە زنجیرەیەک خۆکوشتن لە شاردا ڕوو دەدەن، بەتایبەتی لە گەڕەکەکەی خۆیاندا، چونکە زۆرێک لەو کچانەی نامەیان بۆ نووسیبوو، بوون و نەبوونی خۆیان دەبەستەوە بە ئاواتەوە، بەڵام تەنها کازیوەی ئامەی مامان خۆی سووتاند، کە زۆرێک پێیانوابوو بۆ کڕینەوەی ئابڕووی تکاوی بنەماڵەکەی خۆی کوشتووە نەک لەبەر عەشقی ئاوات، ئەگەرچی ئەو نامەیەی کە دوای خۆکوشتنی ئاوات، کازیوە وەک دەردە دڵێک نووسیبووی، ئەو هەموو وتی وتییەی بەتاڵ دەکردەوە. لەو نامەیەدا کە کەوتبووە لای یەکێک لە هاوڕێکانی کازیوە، بەر لە خۆسووتاندنی ئەو نامەیەی دابووە دەست هاوڕێکەی و گوتبووی تکایە با ئەم نامەیەم وەک دوایین یادگاری لای تۆ بمێنێتەوە، هاوڕێکەی ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتبوو کە بۆچی وەک دوایین یادگاری، دوای خۆسووتاندنەکەی کازیوە ئەوەی لەبیری نەدەکرد تەنها دوایین یادگاری بوو نەک ناوەڕۆکی نامەکە. لە نامەکەیدا کازیوە نووسیبووی: "عەشق مانا بە ژیان دەبەخشێت، بوونی تۆ لە ژیانی مندا، واتای بەردەوامبوون بوو لە ژیان، چونکە لای من مەودای ژیان و مردن نەک پەردەیەکی تەنک، یان تاڵە دەزوویەک نەبوو، بگرە هیچ نێوانێکیان نەبوو، نەمدەزانی دەژیم یان دەمرم. کە تۆ هاتیت گوڵی زەردبووی ئینجانەی دڵم، گوڵی خەون و هیواکانم، وەک هاتنی بەهاری تەمەن بووژایەوە، نێوانی مردن و ژیان بوو بە دیوارێکی ئەستوور، تەنها ڕۆیشتنی تۆ توانی ئەو دیوارە پۆڵایینە بڕووخێنێ، تۆ ژیانی من بوویت، تۆ ڕۆیشتی و لەگەڵ خۆتدا ژیانت برد، چۆن توانیت بەوجۆرە بەتەنها بڕۆیت، نازانم ئەو دڵە شووشەیەت چۆن هاڕەی کرد و شکا، دەزانم هەردووکمان بووینەتە قوربانی نەریتێک، ئەی چۆن دڵت هات بەتەنیا بڕۆیت، مەگەر بڕیار نەبوو پێکەوە بڕۆین؟ مەگەر بڕیار نەبوو بۆ دۆزەخیش بێت پێکەوە بچین؟ ئەی کوڕی نەفرەتلێکراوی خواوەندی عەشق و ئەوین".

خەنجەرێک لەسەر گەردنمە و هەموو خەونەکانی شێواندووم، تارمایی مەرگێک هەموو شەوێک دێت و لە دەرگای ڕۆح و دڵم دەدات، نازانم ئەوە نەفرەتی خواوەندە، یان نەفرەتی ئامەی مامان، دەستێکی ڕەش دێت و جوانیەکانی ژیان دەسڕێتەوە، ڕەشەبای نەفرەت هەڵدەکات و تەواوی ئەو نامانەی کە لێوانلێو بوون لە سۆز و ئەوین، دەخاتە ئاگری نەفرەتەوە، ئاگرێک نەک تەنها نامەکان، خۆیشم دەسووتێنێ، بۆیە بەرگەی ئەو هەموو سووتانە ناگرم، ئەمە دوایین بەشی نامەکەی ئاوات بوو کە لە گیرفانیدا دەریانهێنا، لە کۆتاییدا نووسیبووی، فرمێسک و زەردەخەنە دوو شتی فریودەرن، ڕەنگە گوزارشتێکی ڕاستەقینە لە ناخی کەسەکان نەکەن، بڕوا مەکەن کە ئاوێنەی ناخی کەسەکان بن.

